ڕشتەی پێغەمبەر

(صلی الله علیه وسلم)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دانانی

مامۆستا مەلا ئەحمەدی : ئەحمەد ئاوا

(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

چاپی : یەکەم

٢٠٠١ م ١٤٢٢ ھ

ڕەوشتی پێغەمبەر

دانانی

مامۆستا مەلا احمدی :أحمد اوا

ڕەحمەتی خوای لێ بێ

چاپی یەکەم

مركز ملا احمد، احمد اوا للطباعة والنشر ١٤٢١ هـ ٢٠٠٠ م

١٤٢١هـ ٢٠٠١م

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ گلاڵەی یادگاری وێنەیەکمان ﴾

کــرداری گەردوون گەڵاڵەی ئەبەد
غــونچەی جوانیم وەرانی قەد قەد
پەردەی ڕەشی دا بەسەریا بێحــەد
مەر هــەر بنــاڵم تابــەردی ئەلحەد

پاش سەبتیش ئەکەم وێنەی شێوە بەد
لەنێــوان ڕیــزی خاســانی ئەمجــەد
بەهیــوای ئەوڕۆژ ئەلەرزێ جەســەد
فریـــادی (احــمــد) بگــا (محمــد)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله خصوصا على محمد مصطفى وآله وصحبه المجتبى .

پاشان : سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ،کە ئەوەی بۆ ڕەخساندم. کە ئەم بەرهەمەی باوکی بەڕێزم بخەمە نێو کتێبخانەی کوردی یەوە ، ئەم بەرهەمە هەر لەساڵی (١٩٦٠) دا نووسراوە ، بەڵام بەداخەوە چەرخی ژیانی باوکم بەو شێوەیە ڕێك کەوتووە ، کە چاوی بە چاپخانە نەکەوێت ، بەڵام لە لایەکی ترەوە قەدەری پەروەردگاریش وا نەبێت ، کە بەر لێشاوی سوتان و تیا چوون نەکەوێت ، وەك دیکەی بەرهەمەکانی مامۆستای ڕەحمەتی . بەڵام، پاش کۆچی دوایی دانەر ، بەندە هێشتا لە تەمەنێکی زۆر کەمدا بووم و زۆرێکیش لە زانستی شەرعی و چاپ و چاپخانە بێئاگا بووم . بەڵام پاش ئەوەی خوای گەورە هیدایەتی دام بۆ خوێندنی زانستە شەرعیەکان و دەست و دڵی کردمەوە ، بەوەی کە بەردەوام بم لەسەر خوێندن و لەوەشدا بەهرەمەندی کردم "الحمدلله" بەرەو نووسینیش بچم . ئیتر هەرلەو کاتەدا ، سەیرێکی پاشماوەی ئەو کتێبانەی باوکم کرد ، کە لە لێشاوی سوتان و تیاچوونی کیمیا بارانی (١٩٨٨) ڕزگاریان بوو بوو . ئەم بەرهەمی (رشتەی پێغەمبەر)م دەست کەوت ، وبیرم لە چاپ کردنی کردەوە . سەرەتا ڕووم و یەکێك لە دەزگا ڕۆشنبیرەکانم کردەوە ، بەڵام ڕەد کرایەوە و گوایە لەگەڵ نەهجی بڵاوکردنەوەکەیاندا ناگونجێت !! ئیتر بۆ ماوەیەکی تر هەر بە دەستنووس مایەوە ، تا خوای گەورە وای کرد کە یەکەم بەرهەمی خۆم کەوتە بەردەست و شتێك لە کاروباری چاپ و بڵاوکردنەوە فێر بووم ، دەستم

بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی باوکم کردوو . ئەم کتێبەم کردە یەکێك لە چاپکراوەکانی ئەو بیرە نوێیەم .

هەرچۆن بێ ، ئەوا ئەم ئاواتەی باوکیشم هاتە دی ، بەڵام بەداخەوە کە ئێستا باوکم چاوی لێی نییە ، و ئاواتی بەدی هاتووی نابینێ !!

وەخوێنەری سەنگینیش لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم دانراوەی باوکم ، لە بەرهەمی یەکێك لە زانا گەورەکانی کوردە وە وەرگیراوە و پێدەچێت هەندێ شتی تێدا بێت کە ضعیف بێت بەڵام بەرهەمی مرۆڤ بەبێ کەم و کوڕی نابێت. ئەوا اصلی مەتنەکە . "الحمد لله " کەوتە بەردەست . ئەگەر خوا یارمەتی دام و زیاتر بە زانستی شەرعی بەهرەمەندی کردم لە داهاتوودا ، شەرحێکی لەسەر دەنووسم و ئەوەی ڕێك بکەوێت ((مدلل)) ی دەکەم انشاءالله.

خوای گەورە یاوەری هەموولایەك بێت . لە باوکی ئازیزم خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات . بۆ خاتری ناوە جوان و صیفاتە بەرزەکانی . آمین .

أضعف العباد

عبدالله ملا أحمد

احمد آوایی

٢/٢٣/ ٢٠٠١ ز - ذي القعدة/ ١٤٢١هـ

احمد آوا ـ شارەزوور

﴿ کورتەیەك لە ژیانی دانەر ﴾ [1]

دانەر ناوی (احمد)ە کوڕی (ملا شێخ محمدی کوڕی شێخ عبدالله ی کوڕی شێخ حمه موورادی) سەرگەتی یە لە هەورامان [2]

﴿ جەمسەری هۆزی دانەر ﴾

جەمسەری هۆزەکەی لەنەتەوەی ئیمامی عومەرە . خوای لێ ڕازی بێت . وەئێستاکەش هەر بەولەقەبەوە ئەناسرێن بەتایبەتی لە ئێراندا کەبە فامیلی (فاروقی) ناسراون ، وە هەندێکی ئەم هۆزەش بە (نەقشبەندی) ناسراوون کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندەها ساڵ ڕشتەی سۆفیەتی‌یان بەدەستەوە بووە و لێی نەبچڕاوون .

﴿ نشینگای هۆزی دانەر ﴾

دانەر لە هۆزێکی فراوانە کەنیشتەجێی هەردوو هەورامانن بەشی عێراق و ئێرانیش ، لە هەورامانی عێراق دا زیاتر لە

---

١) ئەم ژیاننامەیە لە کتێبی (پێشهاتی مەرگ) دا هاتووە .

٢) لە ئەسڵدا سەرگەتیین ، ئەگینا ئێستە وەچەیان لەوێ نەماوە . بەهۆی مەلایەتی و شێخایەتی‌یەوە هەریەکەیان کەوتوونەتە شوێنێکەوە .

(دەرەی مەڕ)[٢] و (ئەحمد ئاوا) ن ، وەلە ئێراندا زیاتر لە (دەمەیەو) و (بارام ئاوا)ن[٤] وە زۆریشیان بە هۆی مەلایەتی و کارو بارەوە لە شوێنانی تریش نیشتەجێن .

﴿ ژیان و سەردەمی خوێندنی ﴾

دانەر لە سالّی (١٣٦١ هـ) دەستی کردووە بە خوێندنی ئاینی و تێکۆشانی کردووە بۆ زانست و زانیاری لە کوردستانی (هەولێر . هەڵەبجە . کەرکوك . ڕەواندوز . سولێمانی . خۆشناو . پێنجوێن . دزەیی . مەریوان . قەراج . شاربازێڕ . ژاوەرۆ . شارەزوور . گاوەرۆ . هەورامان . کۆیە . سنە . مەنگوڕ . شامیان . پشدەر . برادۆست . مەرگە . قەرەداغ) و شوێنەکانی تریش . تەمەنێکی زۆری لە خزمەتی زانست و زانیاری ئیسلامدا سەرف کردووە ، تا لە سالّی (١٣٧٦هـ / ١٩٥٦ز) لە سولێمانی لەلایەن (حاجی مامۆستا ملا معروفی خاوی)[٥]دا

---

٢) گوندێکە لە بناری هەورامان . کوردستانی عێراق .

٤) دوو گوندن لە هەورامانی ئێران .

٥) ئەم مامۆستایە لەو سەردەمەدا مودەڕیسی مزگەوتی (بنتەبەق) بووە لە سولێمانی گۆڕی پڕ نوور بێت .

ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و ڕێگای فەتوای شەرعی پێدراوە .

﴿ سەردەمی پاش خوێندنی ﴾

دانەر بە فەرمانی مامۆستایانی ئایینی کراوە بە مودەڕیسی مزگەوتی (شێخ عبدالکریمی کوڕی شێخ عبدالقادر)ی (شێخی تەریقەی قادری) لە دێی (کڕبچنە) لە ناوچەی (سەنگاو) لە لیوای کەرکووك . پاش ئەمە بووەتە مەلای گوندی (گرێزە)ی سەر بە ناحیەی سەیدصادق ، پاش ئەمەش لەبەر ناباری باری ژیانی لەساڵی ١٩٥٩ ناچار پەنای بردۆتە بەر کاربەدەستانی میری و بووەتە مووچەخۆری میری . تا ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووە و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستان و کراوەتە قازی شەرعی هەڵەبجەی شەهید تا ساڵی ١٩٩٤ .

﴿ مامۆستاو بەرهەمەکانی ﴾

مامۆستا بە زمانی عەرەبی کۆمەڵێك حاشیەی مطوّل لەسەر (فرائض شرح منهج) و (منطق تفتازانی) و (فةريدة) ی سیوطی و (إیسا غوّجی) و (تصریف ملا علی) و (کفایة البیتوشی) و کتێبەکانی (عروض) هەیە . وە بەزومانی

کوردی کتێبی (پێشهاتی مەرگ) و (ڕشتەی پێغەمبەر(ﷺ) و دیوانێکی شیعری نووسیوە .

﴿ دانەر لەگەڵ شیعردا ﴾

ماموستا لە شیعردا دەستی هەبووە و لەزۆر بابەتدا شیعری نووسیوە ، بەداخەوە دوو بەرگی شیعرەکانی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەکتێبخانەکەیەوە و چەندەها نووسراوی خۆیەوە سووتاون وە ئێستاکە تەنها بەرگێکیان ماوە ، وەماموستا بەچەند نازناوێکەوە شیعری وتووە لەوانە (کەلەیم ، عەبداڵ ، مەلای هەورامی) .

﴿ کۆچی دوایی دانەر ﴾

ماموستای خواناس پاش بەسەر بردنی (٦٣) ساڵ تەمەن لە خزمەتی ئیسلامدا لە ئێوارەی ڕۆژی (١٢/٩ / ١٩٩٦) لە ئەحمەد ئاوا کۆچی دوایی کردوە[٦]

---

٦) بە ئەمری خوا لەکاتی نوێژی مەغریب دا و لەسەر بەرماڵ کۆچی دوایی کردووە . پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ ﴿ من كان آخر كلامه . لااله الا الله . دخل الجنة) صحيح الجامع (٤٣٢/٥).

(يبعث كل عبدعلى مامات عليه) مسلم . حديث (٨٣) (١٧/ ٢١٠).

*بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستاوە زۆر لە شاعیران مەرسیەیان بۆ گێڕاوە ، ئێستا لێرەدا مەرسیەی شاعیری گەورەی کوردستانی ئێران مامۆستا ملا محمد امینی میرزایی دەخەینە بەرچاو :

« شین بۆ مامۆستا شێخ أحمد »

کوڕە کـوردەکەی شاخـی هــەورامـان
هــەڵــپڕوسقــاوی نــاباری زەمـــان
چــەنــد بەئاوات بووی بۆ ئازادی گەل
چەند گەڕای لەشــاخ دەشت و دۆڵ و کەل
بـــۆ عـــەجایبـــاتی ژینــــی کـــوردەوار
سبحـــان الله ت کـــرد هـــەزار بە هەزار
بەهــــاری عومــرت بــــە کوێـــرەوەری
بـــەداخ و هیجـــران بــە دەربــــــەدەری
تۆش هەروەك کوردی بەش براو لەژین
سەرسام و مات و پەژمووردە و بێ تین
گــــەڕای بـــەم هەمــوو ئەرزی خـــوادا
هــــەرگیز ڕات نـــەکەوت وەلای صەفادا
پـــاییـــزی عومـــرت بە ئاخـــر خـــەزان
تـــەنهـــا گەڵاکـــەی زەردی هـــەڵـــوەران

بـەپۆحـی بـەرزی ڕوخســار بەهــاری
کـۆچــی خیـّـرت کـرد لـە ژین بێزاری
چوون لـە کۆشـی دڵ ڕوا بــوو ڕیخت
جا غەمخۆری قەوم[7] هات بۆ تاریخـت .

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و سەنای بێ وێنەو میثال
بۆ بارەگای حەق خودای ذوالجلال

سەلات و سەلام زۆر و بێ شومار
بۆ زاتــی پاکی ڕەسـولی نــازدار

ئەونەی ئەو شەننەی فەرمووبە "کریم"
إنـك لعلـــی خلـــق عظیـــم

هەم ئالو ئەسحاب تابع وەتابع
هەتـا قیامەت قەت نەبێ قاطع

پاشــی سەنـاوو درودوە یــەکســــــەر
هۆی کردەم لە باس شێودی پێغەمبەر (ﷺ)

بۆمنــاڵی کـورد وریا و خواپەرس
ڕشتەی بزانێ هەربە وێنەی دەرس

---

٧) هەر بەجۆرە نووسینە وادەی وەفاتی‌یە .(فسلام‌علیه یوم ولد ویوم مات ویوم یبعث حیاً .)

چۆن هەتا ئێستا بەزمان کوردی
کـەمتر کــراوە دشتە تـــا وردی

وە کوردی کردم ئامانجە بۆ دڵ
بەڵکو خواوەند پاکم کا لە گـڵ

وە چاوی ئینصاف فەرموون موتالای
سەر و خوار و ناو شەش دەری بالای

گەرنەقدێکیش بوو هیوام بووردنە
توانام ئەوەنـــەس ئاخــر مردنــە

(نظم المحاسن) هۆنـــەری (حافی)[8]
لە ڕشتەی ڕەسول دای نابوو صافی

شێوەی بەفارسی هۆنرا بوو ڕاسی
بۆ بەرگی کوردی گـۆڕاومـە باسی

---

٨) حافی خەلیفەیەکە لە خولەفای شێخی (سراج الدین) ی تەوێڵەیی ، بەڵامنیزنی ئیرشادی پێ نەدراوە ،بۆم مەعلووم بووە شێخی سراج الدین ئزنی هیچ کەسی نەداوە بۆ ئرشادی طریقة بێجگە لەو کەسانەی کەلە نەتەوەی قوریش بوون ، بەڵکو بەو نەتەوەش مشهووری عامیش نەبووبن ، بە قورەیش . هەر قورەیش نەسەب بوبن هەر لەبەر ئەو هۆیە اذن ئرشادی پێ داون ، چوون لای شێخ معلووم بووە ، کە قورەیشین وە خۆیشیان بەخۆیانیان نەزانیوە ، ئیتر هەر بەرەیەکیان بووبێ / (وتەمان لە حالی نەبڕین). حافی لە ساڵی (١٢٤٠)هـ ، هاتوەتە دونیاوە لە (١٢٨٨)هـ (نظم المحاسن) ی داناوە بە زمانی فارسی . هەروەك خۆی ئەڵێت : گزەرلر و دوصد و هشتادو هشت هیجده روز ازدلوماه لنر گزشت .و دانشتووی ئاوایی (سەران) بووە لە ناوچەی کوردستانی شاری (سنە)دا وە زانایەکی بەرز بووە . لە علومی ئاینیدا .(رحمه الله)

هەرچەن قەڵەم و زیهنم کەساسە
توانـــایی زانـام کورتە لەم باسە

وە تـەمای چـاوە کــوێر تـاوەکوو هەس
گەردوونای گەردوون بۆم بێ فریاد ڕەس

لەسەر تەرتیبی سیەر ئەکۆشم
ناوو نەتەوەی بـەرزی ئەنۆشم

قورەیشی نەسەب هاشم سیەرە
لە کشـــت نەتـەوە موبارەك ترە

نـــاوی (محمد) بارەگـای قەڵا
باوکی بەرێزی ناوی (عبدالله)

(عبدالـمطلب) بـاپیری بــەرزی
کوڕی(هاشمی) شەریفی تەرزی

(عبدالمناف) ە ئۆجاخـی (قصی)
(کلاب) و (مرە)(کعب) وەهەم (لوی)

(غالب) و (فهر) و (مالك)ە یەکســەر
(نضر) و (کنانە) و (خزیمە)ی بەطەر

(مدرك) و (الیاس ، مضر) و (نزار)
(معد) و (عدنان) ئێـــرەیە قــــەرار

بیستو یەك پشتی بێشك ئەمانە
بەرەو ژوورتــری جێگای گومانە.

﴿ دایـــــــــکی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

دایکـــی (ئامینه) کچی (وهب) بوو
پشتاو پشت گشتی نەوەی عرب بوو
داك وبـــابی ئەو کافــر نەبــوون
چوون لەسەردینی (إبراهیم) بوون
بازێکیش ئەڵێن زیندوو بوونەوە
ئیمانیان هێنا دیسان چوونەوە .

﴿ ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

هاتــه دنیاوە لە مەککــەی شەریف
ساڵی (عام الفیل) بە وتەی زەریف
لە چل ساڵی دا وەحی بۆ سەر هات
وەســەر خۆ قورئان پێی کرا خەڵات
ساڵی پەنجاو دوو هیجرەتی بۆکرد
چـوو بۆ مەدینــە وەدەست ووەبرد
بەوەۆیە مێژووی هیجری دانرا
لەنــاو ئیســلاما یاسـای پێکرا
بە وتەی صحیح ساڵێ پێش هیجرەت
یـەزدان بـۆ میعـراج بـردی وەسیرەت
لـــە (یثرب) ژیا یازدە ساڵ تەنیا
لە شەست وسێدا دەرچوو لەدنیا

﴿ ژنانی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

یازدە حەرەمی بووە پێغەمبەر (ﷺ)
وا بڕیار ئەدەن مێژوو هەم سیەر
بێگومان خودا بەرزی کردوون
(أم المؤمنین) ناوی بردوون
(خدیجە) و (صفیە) و (أم حبیبە)
(میمونە) و (حفصە) و (هند) و (زینبە)
(عائشە) و(سَودة) (جوریە) و (زینبە)
دوو (زەینەب) ناوی بووە بێ ڕەیبە

﴿ منداڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

منداڵی بووە ڕەسوڵی سەروەر
لە کوڕ و لە کچ حەوتن وە خەبەر
(عبدالله) و(قاسم ، ابراهیم)کە بوون
هەروە منداڵی لە دنیا دەرچوون
(فاطمةی زهراء) هەم (ام کلثوم)
(زینبە) و (رقیە) گشت پاك وبێ بووم.
تەنیا (ابراهیم) لە (ماریە)پەیان
لە (خدیجەن) بێشك ئەوانی تریان

﴿ شێوەی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

ببیستە یاری دڵسۆزی ئاین
چۆنیەتی رسول (ختم المرسلین)

بێ سێبەر بوە لاشەی وەتاکی
لە هەتاوبووبێ یاخود ڕووناکی
هــــەر بەو شێــوەیە لاشەی بە تەواو
ڕاست و ڕێك و پێك سەر و خوار و ناو
ناوەنــدی بۆە بــاڵای شەریفی
نەکوڵ و نەدرێژ بەژنی زەریفی
کاتی وەستانی زاتی ئەرجومەند
بینــراوە بێشك لە گشتیان بڵەند
گــەر دانیشتــایە لەهــەر مەجلیسێ
شێوەی بەرزتر بوو لە هەموو کەسێ
گــەورە و پێــکەوتوو ســەری بەڕێزی
مووی قەترانی ڕەنگ سەر پاك و پێزی
کات کات مووی سەریهاتووەگوێ یانی
جـارجـار هــاتوونە سەر هەردوو شانی
بیدیایە هەرکەس شێوەی گیوانی
حەیــرانی ئەبوو دڵ و چــاوانی
ئەهاتە سەما چوون گۆمی شەتاو
وژمــی بــۆ ئەدا بنۆشێ گــوڵاو
بۆنــی دوو گیــوی وەنــەوشە وگــوڵاو
گشت کەس لە حاسی بۆی ئەهات هاڵاو

مانــگ ئەدرەوشــایۆ وێنــەی چــاوانی
نەخشەی ناوی مانگ چوون ئەبرۆ وانی

ئەبرۆی پاکژی پەیوەسی بوون
بــەپێز و قەوی کــەوانی بوون

چاوی بادامـــی نەرگــز وێنە ڕەنگ
گەورە وهەیبەتی بێڕەنگ وەیا دەنگ

لەناو یا هێڵی سوری چوون کەمەند
مووی برۆی بـووە ڕەش و هەمبڵەند

ڕەشیناو چاوی بێ حەد ڕەش بووە
سپـی چـاوانیو ورشـە ڕەنگ بووە

بوە لە چاویــا نورێـکی بێ تــۆز
بە شەو بینیویە هەر بە وێنەی ڕۆژ

بینینی لە پێش چوون بووە عادەت
لە ماوەرایشــا بینیــویـە سـادەت

هێـزی بیستنی وا گوشاد بووە
بیستویە چڤە هەرکات کە بووە

کوڵمـی شیرینـی زۆر بەرز نەبووە
لەگەڵ ڕومەتیا هەریەك تەرز بووە.

دەنگی ناسکی بووە لەسەر خۆ
کاتــی وتــاری تەنیـا یاوە کۆ

هەرکات وتاری دەبێ لە ناو کۆڕ
زۆر و کەم هەمووی بیستوویە سەر خۆ

لەهەر جێگایە کۆڕی کە بووبێ
وتەی بیستراوە گەر دووریش بووبێ

سیمای دوولێوی باریکە ئەی نوان
خەیاڵ ئەی زانی ئەو هەس لە خەندان

هەرکاتێ دەمی کردایە گوشاد
بە هۆی ئابووری یان بە هۆی میعاد

لە وتە و گوفتار زمانی ڕەوان
دەنگی پڕ مەزەلای وانا و وان [9]

ددانی شیرینی نوورانی و شەریف
بەشێوە وردوو باریکی زەریف

کاتێ ورتاری (خلایق) تەواو
چوون مەست وەستاون بۆ خەنەی گوڵاو

هەرگیز نەبوە قاقای پێکەنین
بویە (تبسم) [10] بەشێوەی شیرین .

شێوەی پەروی بووە خێر و دیفکار
دەروشاوەتۆ بە وەچەی دەنوار.

---

٩) وانا و نەوان : مەبەست خوێندەوار و نەخوێندەوارە .

١٠) تبسم : زەردەخەنە .

سپـی و ســوور بـوە ڕوومەتی پاکی
بێ گەرد چوون یاقووت وێنەی بە تاکی
ســێ بەشی کافــوور چوار بەشی عەنبەر
شەش بەشی گەوهەر باقی چوون جەوهەر
ڕیشی شەریفی وە کۆمەڵ گشتی
قەســی کــردوە زیــاد لە مستی
وە دوێرد کردویە سمێڵی زەریف
لێــواری لێــوی بینــراوە نەظیف
وێنــەی گەنـم ڕەنـگ گەردەنی بڵند
هەرکەس بینیویە بووە شەوق مەند
شانــی بۆ ئەو شان دوور بوون لەیەك
وێنەیان چوون یەك بەسەنگی مەحەك
سینــەی بێکینــەی پاك و بە زینەت
یەکسان سکوسین کۆگای بە هیبەت
بـوە لــە سینـەی دەنگێـکی تـەمین
لێی وە بیستراوە (زکر)ی پاکی دین
دائمە بەرڕوونی مات (صفت) بووە
زۆرتــری کاتەکان گریانی بــووە
ناوڕاسی سینی خەتێکی پڕ موو
کشا بوو بۆ خوار باقی گشت بێ موو

ناو شان و قۆڵ و باسکی وە یەکسەر
چوون چیمەن پڕ موو قەترانی سیەر
گەیشتوە ئەژنۆی ناولەپی پاکی
وەستا بێ کاتێ باڵای ڕوناکی.
لاشەی شەریفی بتەو و زەریـــف
ناو لەپی بڵاو نەرم و هەم نەظیف
پەنجەی دەست و پێی نەرم و بە زینەت
درێـژ و شیریـن بێ وێنـە وبـێ خـەت
هەمیشە یاری ڕێگای سەخاوەت
لەگەڵ نەبوونیش یار بە قەناعەت
ڕەنگی نینۆکی چوون گوڵ و بلور
شۆڵەیان داوە هەر بە وێنەی نوور
دەستـــی بۆ تـــەوقە ئاراسە و میزان
پڕ دەستی گشت کەس بەوتەی لێزان
درۆشەی دووپێی وێنەی شۆڵەی نوور
لـە ڕەودا ئەدەب کـردوو یـە عبـوور.

کەم گۆشت ، عادەتی ، پاژنەی پیرۆزی
یـاخوو بە زینـەت پێ کـەوتووی هۆزی
ژێـری پێـی ڕێك و بێچاڵ و هەم ساف
ئەم سەرتا ئەوسەر وێنەی هێڵی جاف

پشتی پێی بێ موو هەم نەرم و شیرین
بێ چاڵ و بێ چۆڵ پڕ نوور و جەمین.

لە ڕەودا سـەر خۆ هەنگاوی دەنا
بو بێتی هاوڕێ یا خۆ خۆی تەنیا

﴿ نیشانی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

بوویە لە زك ماك ڕاستی ناو شانی
مـۆری (نبـوه) بـۆ ناو نیشانی

نەخشێکی پیرۆز هەیکەل چوون هەنجیر
نـەخشاو بە خاڵی وردورد وێنـەی لیر

ڕازاوەی ناو مۆر بە نووسراوی نوور
بەوتـەی صحیح(تنـجنجهیصـور)

مانای ئەو نووسراو بە وتەی پڕ نوور
إنـك منـصـور في كـل الامـور

ئەهلی سەر دەڵێن (رسول الله) هەم
(خاتم النبی) نووسـراوە سەرجەم

﴿ نوری دیمەنی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

صحابی ڕەسول (جابر) ی (سمره)
ڕەزای یەزدانی لێبـێ وە بەهـرە

ئەڵـێ لەمـانگـی تابانـی چاتر
مەر ڕەسوڵ بوبێ بێ گومان خاتر

پەڕەی ڕوخساری پڕ نوور بوو چون ڕۆژ
شوڵەی ئەدرەوشـا بێ شـك وەبێ تۆز.

(ابوهریره) ئەیـلـێ جـوان تـر
نەبور کەسێ تر لەوبێ شیرین تر.

ئەدرەوشا شۆڵەی نێوی چاوانی
سەرسام ئەما گشت پیر و جوانی

وا بەیـان ئەکـا (ربیعە)ی صحاب
تەعریفی ڕەسوڵ بە شێوەی نایاب

گـەر بت بینـایە بەچـاوی ڕاسی
ڕۆژبوو هەڵئەهات دیمەنی خاسی

(ابن عباس) یـش ئێژێ هەر بەوجۆر
نوورانی تربور شێوەی لەڕووی خۆر

چوون مانگی تابان ئەدرەوشا لە شەو
کاتـی بیـداری هـەم لەکـاتی خەو .

لەشەوی تاریك شۆڵەی چوون چرا
ئەدرەوشایەوە گشـت شت ئەبینرا

﴿ بۆنی خۆشی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

فەرمووریـە جابـر بەشێـوەی بەتین
سەروەری دنیام هەم سەروەری دین

دەستـی پـیرۆزی داوە سەر سیـنما
پەخشان بوو عەتری پاك وە جەمینما

بەو شێوەیە وا سەرسام بووم یەکسەر
خەزنەی عەتر گایش دوورە لە سیەر

(وائل) ی (حجر) فەرموویە جارێ
تەوقەم لەگەڵ کرد لەڕۆژگارێ .

بۆنی عەترهات بە شێوەی تەواو
چاتر لە بۆنی میسك و هەم گوڵاو

خەبەریان داوە زانایانی دین
لە شێوەی لاوی (ختم المرسلین)

پێشخوانی حەضرەت ئاوێتەی نێو خوان
کراوە یەکسان بۆ ندار و جوان .

بە هێزتر بووە بۆنی لە عەنبەر
سەر سوڕسام ماون زانا وەیەکسەر

ماوەی ئەو خۆرەی حەضرەتی ڕەسول
کراوە ناو بیرخۆش بووە بەتول.

لە جەبینی ئەو عارەق گیراوە
لەگەڵ عەنبەرا تێکەڵ کراوە

وابەهێز بووە سەر سوڕ سام ماون
لەم بۆنە یەکسەر بەتول داماون

وتەی (هریرە) لە سوڵتانی پاك
نەبوبۆن خۆشتر لەو لەڕوی‌سەر خاك

﴿ وەرگیراوێك لە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە ﴾

کچی پیاوێك شووی کرد لە کاتێك
بۆ خزمـەت ڕەسول چونە مەقامێك

قوربان بێدەس بووین تابێن وە حضور
بـۆ موبـارەکـی خۆمـان کەیـن ڕوسور

فەرمووی بێنە بۆم قاپی شوشەیەك
بۆی هێنـا زاوا بەهــەر شێــوەیـەك

لە ڕوی پیرۆزی چـەن قەتـرەی عەرەق
گرتی چوون شەونم ئەگرین لە وەرەق

کردیە ناو شوشەچون قەترەی پڕ سوود
دای بە بـاوکی بـووك ئەو (خیر الوجود)

فەرمـووی بە کچـت عطا کـە عـەرەق
بێن خۆش بکا پێی چون گوڵی وەرەق

دای لەشـان و سەر کچی خاوەن سوود
بەخشانی بۆن بوون وەك دارسانی عوود

هەر بـەو هۆیـەوە شۆرەت ئاسـا بـووك
بە هۆزی بۆن خۆش تا مابوون لە دووك

(ئەنەسی) (مالك) دارای دنیا و دین
ئەڵـێ چـون ئەجـمە دیار بوو لە بین

ئەگوزەرا هەرکات حەضرەت وە هەرجێ
بۆنـی عەتـر میسـك ئەئـەبرا لەوجــێ

بە چەنان ماوە ئەوجێ و مەکانە
چــوون عەتــر ئازا کــرابێ لانە

بوورا بێ هەرکەس بەو جێگە وەسەر
ئەیــزانی حەضرەت کردوویە گوزەر

﴿ مناقەباتی پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

(الله الله) لەو جەمالە و لەو کەمال
ئافەرین بۆ سەروەرێ داینا (جلال)

(الله الله) لەو جەمینە و لەو جەسەد
ئافەرین بۆ دیمەنێك داینا (صەمەد)

(الله الله) لەو ڕۆحەی پاك و جەمین
ئافەرین بۆ ڕشتەکەی گیان ئافەرین

بۆ گـرۆهی ئادەمیـزاد بۆ نیشاط
خۆشیو و بەرزی نیگاری سەر بیصاط

چاکە دا نــازاتی پــاکی دادگـــــەر
هەر لەپشتی ئادەما دای "خیر البشر"

خۆیشی‌ناوی یەکسەری‌نا(رحمة للعالمین)
پێشی‌دا ڕێگەی‌شەفاعەت بۆگرۆهی‌مۆمنین

خۆ دیــارە بــەرزی رەحــمی بۆ یــەقین
ئەمن و ئادەم بۆ شەفاعەت چوون یەکین

هــەم کلیلــی ڕەحمەتــی پێــداوە یەکسەر
هیوای پەخشان ئەکا عالەم لە شەش دەر

خۆشیو و مژدەبە جاریێ بۆ گرۆهـی مۆمنین
شافعی ڕۆژی سزایە حەزرەتی ختم المرسلین
واڵە خۆشی و سەربەسی بوونی جیهان
بۆ دیـاری شەوقـی سرور پاك نیهـان
هەرکەویستی ڕێی ببێ چێ بۆ حضور
تن بکـا عنـبر هەم عبـیر و هـەم بخور
ئەو هەمیشە زکرو فکری بێ وەنام
زکری صلواتی لەدەم بێ بۆ پەیام.
دا دەکـەم داوا نەکـا زاتی خوا
زانەری چاکە و خراپەی ماسیوا
بـۆ درودی ئێـو و زاری سـەر زمـان
خاوەن خەزێنەی نهێنی و هەم زەمان
هەم بەپاکی دیـمەنی ڕۆحـی بەڕێز
بمخەرە کوڕی شەفاعەت ڕۆژی ستێز
وام لە قاپی بارەگاتا بۆ نەوا
ڕێزی میوان واجبە زاتی خوا
تۆ(کەڵەیم) و (حافی) سەرخە لەو ڕێباز
تا تکاکەم ڕەحمەت عطاکەی سەرفـراز
خۆ(کەڵەیم) قابیـل نیـیـە بۆ ڕێـی نیـدا
بەس بە فەزڵی خۆت کەرەم کەی ئەیخودا

تۆ عەفــووی کە مجرمــەی کۆگای عیوب
بەس ئەزانیٚ هەر بە تۆی بەخشیٚ زنوب

﴿پارانەوەیەکی (کەلەیم) بە هۆی تەواو بوونی ڕشتەی پێغەمبەر (ﷺ)ەوە﴾

ئەی خواوەندی کەریم و ئەی خاوەنی هێـزی عەزیــم
من نەبینم تۆ لە دودون هەر تۆی هەی (رحمن الرحیم)
ئەوەندە زۆرە چاکەی تۆ ئەی بەتەنیای ئەی ودوود
ســـەر بەســـەر پۆشیــوتە تاکــو گاور هــەم یەهــوود
ڕەحمەت و چاکەت تەواوی دابەشە بۆ ما سیوا
چۆن لە ئێستا من ئەمێنم هەر لەجێ دا بێ نەوا
یارمەتی هەرکەس ئەدەی تۆ پڕ بەرە مەیلت ببێ
بێ وتە کەیلــی ئەکەی گەر ئارەزوو کەیفــت ببێ
تۆ (کریم العفو) ی باری هەم خاوەنی لتفو عەطا
من (کثیر الذنب)و گومــڕا و بەدنــەوا و پڕ خەتا
صەد درێغ لەم عمرەپوچەم والەدەم کەل ڕۆی بەسالٚ
وا کــە گرتی ڕێ ی بەتالیــو وابوو ئیمــڕۆ پایــە مالٚ
چەندە جار کردوومە تۆبە هەرلەسەر کرداری بەد
عاقیبــەت یەك یەك شکاندم (یاکریم) و(یاصمد)
هەر بەزارەو باز ئەلێمــە و ئەی (غفور)ی دادگـــەر
وەك نصوحت یاوەرم بەچوون ڕێگاکەم هەسخەتەر
هەقی گیانی پاکی (ئەحمد) خۆت بە (مختار) دارتە باز
تۆ پەنــامدە ڕۆژی مەحشـــەر هەم بـدە پێم ڕێی نیاز
تابب‍ـــم یارت وە یاکـــوو یاوەری یــاری (صدیق)
دوورلەغەیر بم ڕێ گوزەرکەم تا بە قاپیت بم ڕەفیق
هەقی پاکی صالحانت تۆ بکە ئیرشـــادی من
لەم جیهان و پاشە ڕۆژیش تۆ بکە فریادی من.
خۆ بریندارە کــە لاشــەم ناگەـە بێمە حضور

تو ببەخشە گشت گوناهم تا ببێ بۆم ڕێ عبور
داك و بابم هەروەهایە تۆبە ڕەحمەت شاد بکە
لەو عەزابی پاشە ڕۆژە یەکسەری ئازاد بکــە
کۆمەڵــی ئەولادەکــانم لەم جیهانەی پڕ زەبــوون
دووریان خەڵتۆ لە نەفس و ناڕەوایی هەردوو دوون
خۆم لە چاکە دوور بوم و بەس ئومێدم هەس بەگیان
تەربیــەت ئارا بکــەی بۆم ئال و بەیتــم گشتیــان
بۆڕەوشت و خووی شەفاگەر بۆ گەلی کۆڕی بەشەر
تا بزانن دڵ بە غیرەت بــۆ خــوادا بــن کارگــەر
من هیــــوادارم بــە لوطفـــت (یــاکریــم المستــعــان)
حەقی شاهی (احمد)ی حەق هەم خاتمی پێغەمبەران
یەك بەیەك گشتیان ئەواکە بۆ بەندەیی ورێنگەی ئیدا
بۆ دەری قاپی شوناسیت ئەی(کەریم) و ئەی خودا
تانەکەونە تافی گێژاو هەم مەلالی ڕێی خەبیس
گیان و دڵیانتۆ پەنادە لەو هەموو ڕێبازی پیس
یەك بەیەك گشتیان ڕەواکە بۆ ددری (خیر البشر)
هەم لە زنجیرەی کەرەمتا تۆ بــدە بەشیــان کەرەم
چوونکە سودی چاکەیان خۆ بۆ دەرون و شانی من
هۆی نەجات و سودە یەکسەر بۆ نزولەی گیانی من
وانەبێ من قطعی ڕەحمم کرد بێ ئەی (ذوالجلال)
ئەمــرە داوا بۆ ئیجــابەیــش واتە تە ئایەی کمــال
(حافیا) ڕۆژی دوسەد جار بۆ (کەلەیم) حەق هــەس تەواو
بۆت بنێــرێ ڕەحمەتــی پاك چــوون وتــارت هــاتە نــاو.

سبحان ربك رب العزه عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

دامنا وێنەی زەبونم بـابـبێ بـــۆ یادگـــار
عاقیبەت ڕۆحم کە دەرچوو یاوەرە بۆ خزم و یار

ژمارەی سپاردنی (١٠٣) ی ساڵی (٢٠٠١) ی پێدراوە